**پرسی ئێزیدییەکان و شنگال...**

فەرەیدوون سامان

پێشەکی:

ئێزیدییەکان گروپێکی ئیتنیکی ئایینی کوردین، وەک ئایینیش بە باوەڕی خۆیان کە ئاماژە بۆ چەند بەڵگەو سەرچاوەیەکی مێژووی دەکەن خۆیان بە دێرینترین ئایین دەژمێردرێن، هەرچەند هەندێ بۆچوونی جیاواز هەیە، لەوانەش د. زرار سدیق و هەروەها د. هۆگر تاهیر پێیان وایە کە ئێزیدییەکان لە بنەڕەتدا ئایینزا یان گرووپێکی مسوڵمانن و مێژووی سەرهەڵدانیان بۆ دوای هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە بەتایبەتیش دوای هاتنی شێخ ئادی دەگەڕێتەوە، هەر بۆیەش لەسەر ئەو باوەڕەیان زۆر چەوساونەتەوە، بەڵام بەردەوام داکۆکیان لەناسنامەی ئایینی خۆیان کردوە، د.خەلیل ڕەشۆ جندی کەسایەتی ئەکادیمی کوردی ئێزیدی لە کتیبی (الدین الایزیدی، المعتقدات، المیثولوجیا، الطبقات الدینیه) بە راشکاوی دان بەوە دەنێت کە ئێزیدییەکان بەشێکن لە نەتەوەی کورد و خەڵکی رەسەن و دێرینی کوردستانن، هەروەها دکتۆر ئاورەحمانی قاسملۆ رای وایە کە ئێزیدییەکان لەبنەڕەتدا زەردەشتین، و لە ئایینە دێرینەکانی گەلانی ئیرانن. لەکتێبی کورد وکوردستاندا ڕای وایە کە بەگوێرەی شێوازی باوەڕی و پێوانەکانی پەرستن و شوێن و پەرستگاکانیان و شێوازی ژیانیان، بێگومان دەتوانرێ وەک تیرە یان پاشماوەی ئایینی زەردەشتی بەناو بکرێن، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠ هەزارساڵ بەر لەئەمڕۆ. د. تۆسنێ ڕەشید کە زاناو رووناکبیرێکی کوردی سۆڤیەتی جارانە دەڵێت؛ هۆکاری مانەوەی ئێزیدییەکان زمانی پیرۆزی ئایینیان بووە، کە زمانی کوردی بووە، لە کاتێکدا کوردەکانی ئازەربایجان کە ژمارەیان ٤٥ هەزار و و کوردانی تورکمانستان ٣٥ هەزار بوون، چونکە مسوڵمان بوون، لە ماوەی کەمتر لە نیو سەدە ئاسمیلە بوون و لەناو نەتەوەی سەردەستدا توانەوە.

لە ڕووی دیموگرافییەوە؛

ئێزیدییەکان بە زۆری لە دەڤەرەکانی باشووری کوردستان و بەتایبەتیش لە کاڤاری شنگال و شێخان،دەشتی نەینەوا، ژمارەیەکیشیان لە باکور و رۆژاوای کوردستان، هەروەها لەئەرمەنستان و گۆرجستان و ڕووسیا دەژین، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاویش ئێستا نیشتەجێی وڵاتانی ئەوروپا و بەتایبەتیش لە ئەلمانیا، وێڕای ئاسمیلەبوون و سیاسەتی پاکتاوی نەژادی بەرانبەر بە ناسنامەی نەتەوەیی و زمانەکەیان لەو وڵاتەنەی کە لێی دەژین، بەگشتی لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەی دانیشتوانیان نزیکەی ٦٥٠٠٠٠ بۆ ٧٥٠٠٠٠ کەس دەبێت.

هەروەها باسی ئەوەش دەکات، بە پێی ئامارو بەڵگەنامەکانی بەردەست، ژمارەی ئەوانەی لەلای داعشن و دەستبەسەرن، "٣٧٧٠" سێ هەزارو حەودسەدو حەفتا کەسن..

ئەم راپۆرتە لە ساڵی ٢٠١٦ بڵا وکراوەتەوە و بێگومان رەنگە ئێستا کۆمەڵێک گۆڕانگاری نوێ لە ئارادابن، بەڵام هیچ کات نرخی ئەم بەڵگەنامەیە و زانیارییەکانی کەم نابنەوە و بگرە بە یەکێک لە راپۆرتە باش و زانیاریدەرەکان دادەنرێت.

سەرپەرستی نووسینگەی ڕزگارکراوانی ئێزدی ڕایگەیاند، حەوت ملیار دینار بۆ ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزدی خەرج کراوە و پرۆسەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزدی بەردەوامە و تاکوو یەک ڕفێندراو مابێت کار لەسەر ڕزگارکردنیان دەکرێت.

خەیری بۆزانی، سەرپەرستی نووسینگەی ڕزگارکراوانی ئێزدیی ڕاگەیاند: "ئێمە قەت بێهیوا نابین بۆ ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزدی و کاری ڕزگارکردنیان بەردەوامە و بەشی زۆری ڕفێندراوەکان لەناو کەمپی هۆلی سووریادا ماون، هەروەها لەو ناوچانەی عێراق کە ساڵی 2014 کەوتنە ژێردەستی تێرۆریستانی داعش، هێشتا ڕفێندراوانی ئێزدیی ماون و ڕزگار نەکراون و ئێمە بەهۆی ئاستەنگییەوە داوامان لە هێزەکانی عێراق کردووە هاوکاریمان بکەن بۆ ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزدی، بەڵام وەڵامیان نەداوینەتەوە".

ئاشکرایشی کرد: "هێشتا کەمپی هۆل شوێنی پاراستنی تیرۆریستانی داعشە، بۆیە ڕزگارکردنی ڕفێندراوان لەو کەمپە دژوارە، لەبەر ئەوەی خێزانی داعش لەو کەمپەدان و ڕفێندراوانی ئێزیدی ناتوانن خۆیان ئاشکرا بکەن و ناوێرن خۆیان وەدیار بخەن، ئەو هێزانەی کەمپی هۆلیش کۆنترۆڵ دەکەن وەکوو پێویستە کار ناکەن بۆ ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزدییەکان".

خەیری بۆزانی گوتیشی: "لە هێرشی هۆڤانەی تیرۆریستانی داعشدا بۆ سەر شنگال زیاتر لە شەش هەزار و 417 کچ و ژن و منداڵ و پیاو ڕفێندران و بێسەروشوێن کران، تا ئێستا نووسینگەی ڕزگارکردنی ئێزدییان توانیویەتی سێ هەزار و 562 ڕفێندراو ڕزگار بکەن و هێشتا چارەنووسی زیاتر لە دوو هەزار و 600 ڕفێندراو لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دیار نییە".

ئاماژەی بەوەشدا: "لە ئەنجامی جینۆسایدی شنگال زیاتر لە پێنج هەزار هاووڵاتیی ئێزیدی شەهید کراون و دوو هەزار و 745 منداڵ بوونە هەتیو و 120 هەزار ئێزیدییش بۆ دەرەوەی وڵات کۆچبەر بوون.

**منداڵانی بێ ناونیشان:**

